ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
66
25 ی ئاب/ ئۆگەست ی 2023

## ئەمریکاو ئێران!



**موحسین کەریم**

ئەمریکاو ئێران، وەکو دوو یاریکەری سەرەکی جیهانی و ناوچەیی نەیار لە ناوچەی کەنداو و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دوای دەورانێکی دورودرێژ لە ململانێ و دەستشکاندنەوە، سەرەنجام ڕێکەوتنێکی ناڕاستەوخۆیان ئەنجام دا بۆ هێورکردنەوەی دۆخی بارگژی نێوانیان، بەوەی ئێران ڕازی بوە بەرنامە ئەتۆمیەکەی لە ئاستێکدا رابگرێ کە ئەمریکا پێی قایل بێت و هاوکات فەرمان بە هێزو گروپە چەکداریە ئیسلامیەکانی سەربەخۆی بکات لە عێراق و ناوچەکەدا کە کردەوەی چەکداری دژی بەرژەوەندی و پێگەو بنکەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا ئەنجام نەدەن. لە بەرامبەردا ئەمریکا، چەندین ملیار دۆلاری ئێرانی ئازادکرد کەدەستی بەسەردا گرتبوو، بەوەش خزمەتێکی گەورەی بە رژێمی ئیسلام ئێران کرد لەکاتێکدا کە قەیرانی ئابوری یەخەی گرتوەو هاوکات دۆخی ئابوری خەڵکی ئێران، بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی فراوانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکیشی بەدوای خۆیدا هێناوە و لەپاڵ هەڕەشەی خرۆشانی جەماوەری ئێران بۆ ئازادی لەدوای تیرۆری ژینا ئەمینیەوە کە سەرباری هێوربوونەوەی، بەڵام وەکو ئاگرێکی ژێرخۆڵەمێش خەباتی خەڵکی ئێران بۆ هەڵپێچانی ئەو رژێمە دژی بەشەریە بەگەرمی ڕادەگرێ، مەترسیەکی جدیە لەسەر ئایندەی رژێمی سەرکوتگەری ئیسلامی سەرمایە لەئێران.

ئەمریکا و رژێمی ئیسلامی ئێران، بە درێژایی تەمەنی رژێمی ئیسلامی لە ململانێ و کێشمەکێشدا بوون و ناوبەناو ڕێکەوتنی

بۆ لاپەڕە ٢

## بە پێچەوانەی پروپاگەندەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازیەوە بەشداری نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردندا مانای سەندنەوەی شەرعیەتە لە دەسەڵاتی میلشیایی یەکێتی وپارتی!



## گەورەترین دزی لە مێژوودا!

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ٣



## لە پشت ڕوداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەی "بریگۆژین"ەوە!

بۆ لاپەڕە ٥



## ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە ڕێگای پەرلەمانەوە ئەنجام نادرێت !

**مستەفا باهیر**

بۆ لاپەڕە ٦

هەمومان" لە دیدو سیاسەتی تاڵەبانیدا!
عوسمانی حاجی مارف ......... لاپەڕە ٨

خاڵێکی هاوسەنگیی نوێی ئیسلامی لە ئێراندا مومکین نییە!
(مەنسور حیکمەت) ....... لاپەڕە ٩

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## درێژەی................ئەمریکاو ئێران!

ژێربەژێریان بە ناڕاستەوخۆ یان لەڕێگای لایەنی سێهەمەوە ئەنجام داوە. بانگەشەی دژە ئەمریکایی رژێمی ئیسلامی ئێران و دەستێوەردانەکانی لە دۆخی سیاسی ناوچەکەو بەرینکردنەوەی دامێنی دەخالەتگەری سیاسی و سەربازی ئەم رژێمە لەناوچەکەداو هاوکات ململانێ لەگەڵ ئەمریکاو هەڕەشە ناوبەناوەکانی لە ئیسرائیل، ناکۆکی و پێکدادانی بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکادا، رێگای لەوە نەگرتوە کە ئەم رژێمە لەکاتی پێویستدا لەگەڵ ئەمریکادا لەپشتی پەردەوە بچنەناو کۆبوونەوە و رێکەوتن و هاوکاریکردنی یەکتر! هەروەکو بۆ ئەمریکاش رژێمی ئێران وەکو کاراکتەرێکی گرنگ بۆ سەرکوتی سیاسی و بڵاوکردنەوەو ڕەواجدان بە کۆنەپەرستی سیاسی و فکری و پێشگرتن لەهەر جۆرە بزوتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازو سۆشیالیستی و کرێکاری لەناوچەکەدا، تەماشای ئێرانی کردوە. ئەمریکاو وولاتانی سەرمایەداری رۆژاوا، وەکو چۆن لەساڵی ١٩٧٩دا لە بەرامبەر شۆڕشی چەپگەرای خەڵکی ئێران دژی شا، جمهوری ئیسلامی و خومەینیان هەڵبژاردو بەسواری فڕۆکە لە پاریسەوە ڕەوانەی تارانیان کردەوە، تا بەناوی شۆڕشەوە سەرکوتی شۆڕش بکات، ئاواش لەم کاتە ناسکەدا، دوای ئەوەی نەیانتوانی خرۆشانی رادیکاڵانەی جەماوەی ئێران کە بە شۆرشی ژینا ناسراوە، دەستەمۆ بکەن و خۆیان لەبەرامبەر بزوتنەوەیەکی ڕادیکاڵی شۆڕشگێڕ و بەناوەڕۆک چەپدا بینیەوە، جارێکی دیکە جمهوری ئیسلامیان هەڵبژاردەوە.

هەڵبەتە ئەم دەسکەوتە سیاسی و ئابوریە بۆ رژێمی ئێران لەئێستادا، بەهایەکی گرنگ و گەورەی هەیە و کۆمەک بە درێژکردنەوەی تەمەنی دەکات، بۆیە ئامادەیە لەبەرامبەر ئەو هەدیە پڕبایەخەی " شەیتانی گەورە"دا داوا لە جروجانەوەرە بەکرێگیراوەکانی بکات لە عێراق و ناوچەکە بۆئەوەی زیان بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا نەگەیەنن!

گومان لەوەدا نیە کە خەڵکی شۆڕشگێڕی ئێران، بێجگە لە کۆمەڵێک حزبی بۆرژوایی کە بەرامبەر بە جمهوری ئیسلامی دەستەوەستان و بێدەسەڵات ماونەتەوە، ئومێدیان بەوە نەبوە کە پڕوپاگەندەکانی ئەمریکا دژی رژێمی ئێران و گوایە پشتیوانیکردنی لە نارەزایەتیەکان و خەباتی خەڵکی ئێران لە جەرگەی شۆڕشی ژینا بۆ ئازادی، خێرێکی بۆ ئەوان تێدابێت، بەپێچەوانەوە ئەوان دژی هەرجۆرە دەستێوەردانێکی ئەمریکاو دەوڵەتانی ئیمپریالیستی بوون لە دۆخی سیاسی ناوخۆی ئێران و بەتایبەتی لە خرۆشانە جەماوەریەکەی خەڵکی ئێران دژی جمهوری ئیسلامی. خەڵکی ئێران ماوەی ٤٠ ساڵە دەستوپەنجە لەگەڵ رژێمی ئیسلامی ئێران نەرم دەکەن و تائێستا چەندینجار بە خۆپیشاندان و خرۆشانی جەماوەری تەمرینی خۆئامادەکردنیان کردوە بۆ روخانی ئەو رژێمە بەهێزی شۆڕشگێڕانەی خۆیان. ساڵ بەساڵ ئەو خەباتەیان هوشیارانەتر و یەکگرتوو تر و ڕادیکاڵتر دەبێتەوەو سەرەنجام رۆژەکانی تەمەنی ئەو رژێمە سەرکوتگەرە دڕندەیەی بۆرژوازی و سەرمایە بەدەستی خەڵکی ئێران کەمتردەکرێتەوە!

★

**لەڕوانگەی کرێکاران و جەماوەری ناڕازیەوە ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی ئێستا و ئەو گێژاو و میحنەتەی کە خەڵکی کوردستان تێی کەوتوە، تەنها دەستبردنە بۆ ڕاپەرین و شۆڕش، کەنەک هەر دەسەڵاتی حزبەکانی وەک یەکیەتی و پارتی کۆتایی پێبهێنێ، بەڵکو سیستەمێک لەدەسەڵاتی سیاسی و ئابوری دامەزرێنێ کەخواستەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەکردەوە دەربهێنێ.**

**بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کرێکارو بێبەشی کوردستان بەبێ رێکخراوبوون و کۆبونەوە لەدەوری هێڵێکی سیاسی ڕادیکاڵی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی بە سەرکەوتن ناگات!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەماڵ**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

**ئۆکتۆبەر**
**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبە: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# گەورەترین دزی لە مێژوودا!

عوسمانی حاجی مارف

ئۆپەراسیۆنێکی دزی و تالانی بەرفراوان کە لە عێراق لەلایەن هێزە سیاسییەکان و هێزە میلیشیا دڵسۆزەکانی ئێرانەوە ئەنجامدراوە، سەرەڕای ئاشکراکردنی زۆرێک لە وردەکارییەکانی ئەو دزیە کە ڕای گشتی تووشی شۆک کرد، تۆمەتباری سەرەکی لەم دزیەدا سەرەڕای دانپێدانانەکەی ئازاد کرا، ئەو دزیەی کە پێی دەوترێت "گەورەترین دزی لە مێژوودا".

تۆمەتباری سەرەکی، کەسێکە بەناوی نور زوهێر کە پاڵەوانی ئەم داستانەی "دزی سەدەیە"، لەکاتی دەستگیرکردنیدا تەمەنی ٤١ ساڵ بوو، وێنای دەکەن بە پابلۆ ئیسکۆبار پادشای کۆکاین لە کۆلۆمبیا، کە زوهێر بۆخۆی لە بەسراوە هاتۆتە بەغدا لە پەیوەندی بە سەرکردەی حزبە شیعەکان و دەسەڵاتدارنی حکومەتی عێراقەوە ئەم تاوانی دزیەی ئەنجامداوە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی بەریتانی "میدل ئیست ئای" ئەو ئۆپەراسیۆنەی دزی و تالانکردنە کە ناوی "دزی سەدە"ی لێنراوە، ئەو پارە دانراوانەی باجیان کردۆتە ئامانج، کە کۆمپانیا نەوتییەکان دەیدەن بە کۆمیسیۆنی گشتی باج لە عێراقدا، کە بەشداربووان لەم دزیەدا بەرپرسانی باڵا و سەرکردەی حزبەکان و سیاسەتمەداران لەخۆ دەگرێت.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی ئیکۆنۆمیست، ئەو برە پارەیەی لەلایەن بەرپرسانەوە لە خەزێنەی گشتیدا دیار نەماوە ، ٣٠٠ ملیار دۆلار زیاتری تێپەڕاندووە.

هەرچەندە بڵێین خەڵکی عێراق بە گەندەڵی ڕاهاتوون، بەڵام قەبارەی ئەم دزییە تەواو تووشی سەرسامی و شۆکی کردون. خەڵکی ڕاهاتوون بە فەزیحەی گەندەڵی، بەڵام قەبارە و ئاستی ئەم گەندەڵی و دزییە قێزەونە لەوەدایە کە دەبێت دەست بەجێ تەواوی بەشداربوان لە حکومەتی عێراقدا بە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە لێپرسینەوەیان لێبکرێت و جگە لە دادگایی، کەنارگیری سیاسی بەسەریاندا بسەپێنرێت.

ئاشکرایە هیچ کام لە سوودمەندە ڕاستەقینەکانی دزییەکە، هەرکەسێک بوون، هەرگیز ڕووبەڕووی دادپەروەری نابنەوە. ئەو تاوانبارییەی کە هەموو نوخبەی سیاسی پێیەوە چەسپاوە، بەو مانایەیە کە لێپرسینەوەیەکی سەرزارەکی و ئاست نزم و کەم هەیە. هەرچەندە نووسینگەی ئەلسودانی پێداگری دەکات کە بە توندی بەدوای لێکۆڵینەوەکاندا دەچێت، بەڵام لە دوای کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی ساڵی ڕابردووەوە کەمێک ڕاگەیاندنی سەبارەت بەو دۆسێیە کردووە، ئیتر بێدەنگی لێکراوە.

لەشکرکێشی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ و کاردانەوەی کارەساتبارەکانی کە بەدوایدا هات، بووە هۆی دارمانی نزیکەی تەواوی ژێرخانی بنەڕەتی ئابوری عێراق، بە ڕێگاوبان و ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاری.. بە هەموو جۆرەکانیەوە، بەدوای ئەو دارمانە، کردنەوەی دەرگای گەندەڵی جەردەیی و تاڵانی بووە یەکێک لە تاوانە سەرەکیەکانی هێزە میلیشیا ئیسلامی و تائیفی و قەومیەکان. ئەمریکا، سیستەمی پشکی تائیفی گەندەڵی دروست کرد و کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەستکەوتەکانی ئەو تالانیە هاوبەش بوو.

دوای ڕووخانی سەدام، ئەم گرووپانە سەرچاوەکانی سەروەت و سامانی وڵاتیان تالان کرد. سەرۆک پارتەکان کە بەشێکی زۆریان سەر بە میلیشیاکان بوون، وەزارەتە قازانجدارەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکرد.

ئەلسودانی کە ئێستا پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراقی بەدەستەوەیە، لە بەیاننامەی حکومەتەکەیدا بۆ پەرلەمانی عێراق ئەوەی ڕاگەیاند، کە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بۆ ڕاگرتنی بەهەدەردانی سەروەت و سامانی عێراق، ئامانجی سەرەکیەتی لەم قۆناغەدا.

ئەوەی شایانی باسە لەدامەزراندنی هەر حکومەتێکی نوێ لە عێراقدا، سەرۆک وەزیرەکان هەمان بانگەوازیان کردوە، کە هەنگاو و ڕێوشوێن دەنێن بۆ پێکهێنانی کۆمیسیۆنێک یان لیژنەیەکی باڵا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەبەرامبەر ئەو کەس و لایەنانەی کە خەریکن لە دامودەزگاکانی دەوڵەت دەخۆن، لەو بارەیەوە هیچ شتێک نەکراوە سۆدانیش لەوان زیاتری پێناکرێت.

لەماوەی ڕابردوودا حکومەتی عێراق فەرمانی دەستگیرکردنی نێودەوڵەتی دەرکرد کە ژمارەیەک بەرپرسی پێشووی تێدابوو کە لەدەرەوەی عێراق نیشتەجێبوون، لەچوارچێوەی ئەوەی بە "دزی سەدە" ناسراون، کە بڕی دوو ملیار و نیو دۆلاری تێپەڕاندووە، لەگەڵ دەرهێنانی پارەی نەختینەی نایاسایی لە "سکرتاریەتی باج" دزراوە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٢١ و ٢٠٢٢دا.

فەرمانی دەستگیرکردنەکە، بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی پێشوو، مستەفا ئەلکازمی، بەرپرسی پێشووی دەزگای هەواڵگری، ڕاید جوحی، ئەمینداری تایبەتی ئەلکازمی، ئەحمەد نەجاتی، وەزیری پێشووی دارایی، عەلی عەللاوی دەکاتە ئامانج، هەروەها مەشرەق عەباس ڕاوێژکاری پێشووی ڕاگەیاندنی ئەلکازمی دەگرێتەوە. ئاماژە بەوەش کراوە، تاوانەکە زۆرە، ژمارەی گومانلێکراوەکانی تێیدا لە ٤٨ تۆمەتبار تێدەپەڕێت، دیارترینیان بازرگانێکی عێراقییە بە ناوی "نوور زوهێر"، کە لەوکاتەوە نزیکەی ٢٩٢ ملیۆن دۆلاری وەک پارەی دزراو گەڕاوەتەوە بۆ

خەزێنەی دەوڵەت و لە مانگی ئۆڤەمبەری ساڵی ڕابردوودا بە کەفالەت ئازاد کرا.

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی، دادوەر حەیدەر حەنون، هەنگاوێکی بۆ ڕێکخستنی "سیگناڵی سوور" لە "ئینتەرپۆل"ەوە لە دژی داواکراوان ڕاگەیاند، بەڵام کارو بڕیارو بەڵێنەکانی ئەلسودانی هێشتا قسەی سەر کاغەزەو ئەنجامگیریەکانی نادیارەو گەندەڵیش بەردەوام کاری خۆی دەکات.

گوایە حکومەت هەندێک ڕێوشوێنی گرتووەتە بەر بۆ سنووردارکردنی گەندەڵی، لەوانە گۆشەگیرکردنی بەشێک لەو کەسانەی بەرپرسیارن لە گەندەڵی و دادگایکردنیان لە چوارچێوەی هەڵمەتێکدا کە لە پارێزگاکانی نەینەوا و بەسرە و ئەنبار و پارێزگاکانی دیکە دەستپێکردوە.

ئەمەش ژمارەیەک سەرۆکی بەشەکانی پەیوەندیدار بە خانووبەرە و باج و شتی تریشەوە لەخۆگرتبوو، بەڵام هەڵمەتەکە "دواکەوتووە" و ڕاگیراوە بە هۆکارێکی نادیار، بەڵام ئەوەی بە "دزی سەدە" ناسراوە لە عێراق و بەو پێیەی ئامارە جیاوازەکان ئاماژەی پێدەکەن، کە کۆی پارەی تالانکراو لە ٣٠٠ ملیار دۆلار تێدەپەڕێت. لەکاتێکدا ئاژانسی هەواڵی عێراقی بڵاویکردەوە، ساڵی ڕابردوو، کۆی گشتی ژمارەکە ٣٦٠ ملیار دۆلارە، لەکاتێکدا پەرلەمانتاران بە ٤٥٠ ملیار دۆلار مەزەندەیان کردووە، ئەمە بەکوێ دەگات و چۆن بەدواداچوون و لێپرسینەوەی لەسەر دەکرێت، تەنها وەک پرسیارێکی بێوەڵام ماوەتەوە.

لە هەر حاڵەتێکدا کاتێ حکومەتی سودانی پێکهێنرا و شەڕی دژی گەندەڵی ڕاگەیاند، بەڵام هەر زوو ئاستی زەبری دژە گەندەڵی دوای چەند هەفتەیەک یان چەند مانگێک دادەبەزێت و چارەسەرەکانیش سنووردار دەکرێن، بە مەودایەکی بەرتەسک کە کاریگەری لەسەر سەرانی گەندەڵکاران نییە، بەتایبەتی لەسەر ئەوانەش کەسەر بە بەرپرسانی باڵای سیاسین لە ناو حکومەت و هێزە میلیشیاکاندا.

ئێستا حکومەتی سودانی لە حساباتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ گەندەڵکاراندا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک تەحەدا بۆتەوە. هەندێک لە هێزە باڵاکان، چەکدارین و باڵی سیاسیان لە چوارچێوەی هەماهەنگی حوکمڕانیدا هەبێت، یان حزبە سیاسیەکان، لە ڕێگەی بەرپرسانی پۆستی باڵا، بۆ دەستکەوتی دارایی زیاتر، نفوزی خۆیان لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا دەقۆزنەوە.

ئاراستەکەی سۆدانیش وەک هەر هەوڵێکی پێشوتری بانگەوازی سەرۆک وەزیرانی پێشخۆی، بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی وەک گەمەیەکی گاڵتەجار مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

لەهەمانکاتدا، کاریگەریی ئەو هێزانەی کە لە دەرەوەی چوارچێوەی دامەزراوە ئەمنیە فەرمیەکاندا کاردەکەن، بەجۆرێک لە جۆرەکان کە بەشداریان کردووە لە فراوانبوون و بڵاوبوونەوەو تێوەگلان لەم گەندەڵیەدا، دان بە سەختی ئەوەدا دەنێن کە لێپرسینەوە لە گەندەڵکارە باڵاکان لە دۆخی سیاسی ئێستای دەسەڵاتی شیعەو پەیوەستبونی ئەو هێزانە بە دەسەڵاتی ئێرانەوە، لە عێراقدا بەرەنگاری لەبەرامبەر گەندەڵیدا کارێکی ئەستەمەو کردەنی نیە، یان کۆنترۆڵکردنی پارە و موڵک و ماڵەکانیان یان شێوازەکانیان بۆ بەدەستهێنانیان، هیچ دەزگایەک ئۆتۆریتەی توانای لێپرسینەوەی نیە.

هەرچەندە دەستەواژەی "دزی سەدە" لە سۆشیال میدیای عێراقیدا بڵاوبووەوە، بەڵام فشارێکی ئەوتۆ نەبوەو نیە بۆ ئەوەی تاوانباران بدرێنە دادگا.

بەڵام دوای ماوەیەکی کەم، نور زوهیر بە کەفالەت بۆ ماوەی دوو هەفتە ئازاد کرا، ئەمەش بۆ یارمەتیدانی دەسەڵاتداران بووە بۆ وەرگرتنەوەی پارەی زیاتر، نووسەری ڕاپۆرتی ئیکۆنۆمیست دەڵێت: یەکێک لە یاریدەدەرەکانم پێیوتم سەرۆک وەزیران هیچ بژاردەیەکی دیکەی نییە، ئەگەر زوهێری ئازاد نەکردایە ئەلسۆدانی سەری لەدەست دەدا.

هەروەها ڕوونکردنەوەیەکی دیکە بۆ بڕیاری ئازادکردنی تۆمەتباری سەرەکی دزیەکە، ئەو وێنایە ئەدات بەدەستەوە گوایە زوهێر تەنها بوکەڵەیەکەو بەکار هێنراوە.

دیارە زوهێر لە بەرزترین ئاستدا هاوکاری کراوە بۆ ئەنجامدانی ئەم دزیە گەورەیە. دوو فراکسیۆنی سەرەکی ڕکابەری لە عێراقدا (بزووتنەوەی فەتح و هاوپەیمانی کازمی) پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە زوهێر پەیوەندی بە ئەویترەوە هەیە، بەڵام هیچ گومانی تیا نیە کە یاریزانانی هەردوولا پشکیان لە پرۆسەکەدا هەبێت.

نور زوهێر بانکی ئەلرافیدەین ناچار دەکات بە خێرایی کار بکات بۆ گواستنەوەی پارەکان، ئەمەش مانای نیشاندانی نفوزی زوهێرە، لەکاتێکدا دەرکردنی پسوڵەی چەکی گەورە لە دەسەڵاتی باج، واژۆی لانیکەم ١٢ بەرپرسی جیاوازی پێویستە زۆرجار پرۆسەکە چەند هەفتەیەکی دەویست، بەڵام زوهێر لە بەشێکی کەمی ئەو کاتەدا ئەو کارەی ئەنجامداوە. بە ووتەی دوو لەو فەرمانبەرانەی لەوێ کاردەکەن، زوهێر خۆی بۆ خێراترکردنی ئۆپەراسیۆنە قورسەکان، توانیویەتی کارئاسانی بکات و بەرتیل بدات و هەڕەشەش لە کارمەندانی دەسەڵاتی باج بکات.

تا ئێستا ڕوون نییە ئەو پارانە چیان بەسەر هاتووە. وا دیارە بەشێکی لە عێراق خەرج کراوە. چەندین سیاسەتمەدار و بەرپرس بە ڕۆژنامەی ئیکۆنۆمیستیان ڕاگەیاندووە سەبارەت بە کۆمەڵێک خانووبەرە کە پێیانوایە نور زوهێر لە گەڕەکی مەنسوور کرییەتی، کە پێشتر لەوێ دەژیا. بەڵام زۆربەی ئەو پارەیە، بەوتەی بەرپرسانی پێشووی ئەمنی، کراوە بە دۆلار و براوە بۆ دەرەوەی وولات.

بەپێی ڕاپۆرتێکی پەرلەمان، زوهێر لە ساڵانی ٢٠٢١ و ٢٠٢٢ زیاتر لە ٢٠ گەشتی بۆ دەرەوەی وڵات ئەنجامداوە.

دوای ماوەیەکی کەم لە

دەستگیرکردنی زوهێر، کازمی لە پۆستی سەرۆک وەزیران دوورخرایەوە. ئۆردوگای لایەنگری ئێران پیاوی خۆیان محەممەد ئەلسودانی بۆ سەرکردایەتیکردنی حکومەت راسپارد.

دوای تێپەڕبوونی مانگێک لە دەستبەکاربوونی دەسەڵات، سودانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی سازکرد و دوو کەڵەکە پارەی لە تەنیشت خۆیەوە دانابو کە نزیکە ٤٠ملیار دیناری عیراقی دەبوو، گوایە بەسەر کەوتویی ئەو برە پارەیە گەڕاندۆتەوە و لە زوهێری وەرگرتووە، کە نزیکەی ١٢٥ ملیۆن دۆلار دەکات، کە لەلایەک ئەم پارەیە برێکی زۆر بچووکە لە بەشێکی ئەو ملیارەها دۆلارەی لە دەستچووە، لەلایەکی ترەوە سوکایەتی و شەرمەزاریە بۆ سودانی برێکی لەو چەشنە دەخاتە روو، لەهەمانکاتدا مانای ئەوەیە سودانیش لە هەمان لیستی گەندەڵکاراندایە.

ئەمە واقعیەتی حکومەتی عیراقی فیدراڵە بە دوای ٢٠٠٣وە کە لەریزبەندی وولاتانی هەرە گەندەڵدا ئەژمار دەکرێت، هەر جۆرە بەشداریەک لەم حکومەتەدا لە هەر لایەنێکەوە پیادەکرابێت، بەشداریە لە تەواوی ئەو تاوانانەی ئەنجامدراوە، ئەم حکومەتە دەبێت لە درێژەدان بە خرۆشانە جەماوەریەکانی تەشرین کۆتایی پێبهێنرێت و عێراق لە بونی ئەو هیزانە پاککرێتەوە.

---

بۆ ئەم وتارە سود لە دوو باسی سایتی "عربي بوست" وەرگیراوە.

-360 مليار دولار وما خفي أعظم.. ما فرص حكومة السوداني في مكافحة "سرطان" الفساد في العراق؟

- مفاجأة بأكبر سرقة مصرفية بالتاريخ.. حلفاء إيران وأمريكا بالعراق تعاونوا بها حتى المحققون مشتبه بهم

★

# لەپشت ڕوداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەی "بریگۆژین"ەوە!

**خەسرەو سایە**

هەواڵی روداوی کەوتنەخوارەوەی فرۆکەکەی "بریکۆژین"، فەرماندەی هێزەکانی ڤاگنەر، میدیاکانی جیهانی داگرت و لەنێو کەشوهەوای جەنگی ئۆکرانیا و کێشمەکێشی هێزە جیهانیەکاندا، هەڵایەکی گەورەی میدیایی بەدوای خۆیدا هێناو بووە مایەی لێدوانی دژ بەیەک. لەسەریکەوە میدیاکانی روسیا و پوتین، روداوەکەیان لەتەمومژێکدا بەپاساوێکی لاوازەوە جێهێشت. گوایە خەلەلێکی هونەری وەیا رۆکێتێکی دەرەکی هۆکاری روداوەکە بووە. بەمجۆرەش چاوەکانی میدیا جیهانیەکان لەسەر روسیا چەقی بەست و جارێکی تر بەسەرهاتی هەڵگەڕانەوەی هێزەکانی ڤاگنەر لەرێزەکانی سوپای روسیا و هێرش بۆسەر مۆسکۆی هێنایەوە سەرزاری میدیا جیهانیەکانەوە. لەسەرێکی تریشەوە زیلنسکی کەخۆی لەقامەتی حەریفی پوتیندا دەناسێنێ، روداوەکەی بەو ئاراستەیەدا قۆستۆتەوە کە تیاچونی بریکۆژین، بەڵگەیە بۆئەوەی کە "هەرکەس لایەنگری پوتین و دەسەڵاتەکەی نەبێت، چارەنوسی مەرگە". لەواشنتۆنیشەوە بایدن سەرۆکی ئەمریکا بەگومانێکەوە لەروداوەکەی روانی و رایگەیاند کە"کوشتنی بریکۆژین سەرسامی نەکردوە". میدیاکانی دەوڵەتانی رۆژئاواش هەریەکەیان بەجۆرێک روداوی کەوتنەخوارەوەی فرۆکەکەی بریکۆژینیان لەگومانێکی گەورەدا راگرت و پەنجەی تۆمەتیان خستەسەر پوتین و لەکەناریشەوە کەوتنە پیاهەڵدان بەسەرۆکی هێزەکانی ڤاگنەردا، وەک ئەوەی کەسایەتیەکی چالاک و خۆشەویست بوە و ناڕازی بوە بە سیاسەتەکانی پوتین لەو شەرەیدا کە بۆ سەر ئۆکرانیا هەڵیگیرساندووە. بەمجۆرە کوژرانی سەرۆکی هیزەکانی ڤاگنەر بووە بابەتێکی گەرمی میدیایی.

بەڵام ئەوەی کە چۆن ئەم رووداوە رویداوە و چ هۆکارێکی لەپشتەوەیە، تەنانەت ئەوەی کە تاچەند پوتین بۆ تۆلەسەندنەوە، نەخشەی بۆ ئەم روداوە کێشاوە، گرنگیەکی ئەوتۆی نیە بەقەد ئەوەی کەراستیەکانی پشتی روداوەکە لەواتای دەربرینەکانی سەرانی هێزە دەرگیرەکاندا لەشەری ئۆکرانیاو کێشمەکێشی نێوان جەمسەرە ئیمپریالیستیەکانەوە ببینین. بەتایبەتی لەدۆخی دونیای ئەمرۆدا کە سەرهەڵدانی فرەجەمسەری هیزە ئیمپریالیستیەکانی لەپێناو دابەشکردنەوەی جیهان و ناوچەکانی نفوزو بازارەکانی سەرمایەداریدا خستوتە بەرامبەر بەیەکەوە. روسیا وەک هێزێکی ئیمپریالیستی لەهەوڵدایە کە خۆی و هاوپەیمانەکانی وەک جەمسەرێک جیگیربکات و لەلایەن حەریفەکانیەوە دانیپێدابنرێ، لەوسەریشەوە ئەوە ئەمریکاو دەولەتانی هاوپەیمانی لەرۆژئاوا راوەستاون و ئامادەنین مل بەداواکانی پوتین بدەن و سود لەهەر روداوێک وەربگرن تا پاشەکشەی بەسەردا داسەپێنن. بەڵام روداوی کەوتنەخوارەوەی فرۆکەکەی بریکۆژین لەدەرەوەی ئەو گۆرانکاریانەدا نیە کە سات بەسات لەهاوکێشەی هیزە جیهانی و ناوخۆییەکان لەشەری ئۆکرانیا و پێشرەویەکانی روسیادا لەم جەنگەدا بەخۆیەوە

دەیگرێت. لەمەش زیاتر کانونە قەیرانیەکانی چ لەرۆژهەلات و ئەفریقا و رۆلی روسیاو هاوپەیمانانی تێیدا، تادێت کێشمەکێش و ململانێی جەمسەرە جیهانیەکانی توندترو فراوانتر کردۆتەوە. بەدڵنیاییەوە کوژرانی سەرۆکی هێزەکانی ڤاگنەر کاری پۆتین و پلانێکی داڕێژراوە، کە ئامانج لێی سەرکوتکردن و سڕینەوەی هەر جۆرە نارەزایەتیەکە بەدەسەلاتەکەی پۆتین و سیاسەتەکانی لەجەنگی ئۆکرانیادا. بەپێچەوانەی مەدح و سەنای میدیاکانی رۆژئاوا، پریگۆژین و هێزەکەی، فاکتۆرێک نەبون بۆ هەڵگەرانەوەی هاوکێشەی هێز چ لەناوخۆی روسیاو چ لەئاست جەنگی ئۆکرانیادا. نارەزایەتیەکانی ئەو لەگەڵ ئەوەدا کەهێشتا لەچوارچێوەی قەبوڵکردنی سیاسەتەکانی چینی دەسەلاتداری روسیادایە، تەنها بۆ ئەوە بووە کە پێگەیەک لەسوپادا بگرێ و لەو ئیمتیازاتانە بەهرەمەند بێت کە بەدەست پۆتینەوەیە. بەلام پۆتین باش لەوە دەزانێ کە یەکدەستکردنی ریزەکانی سوپاو هەیئەی حاکمەی ولاتەکەی مەرجێکی سەرەکیە بۆ درێژەدان بە جەنگی ئۆکرانیا تا بەئامانجەکانی خۆی لەبەرامبەر ئەمریکاو ناتۆدا دەگات. بۆ ئەمەش هیچ شتێک لەوە ئاسانتر نیە کە بریگۆژین و هێزەکانی ڤاگنەر بکاتە قوربانی. دیارە پۆتین لەرووی زەمەنیەوە کاتێکی گونجاوی هەڵبژاردوە بۆ تەسفیەی ئەم نەیارەی کە بە"خیانەتی گەورە" خستویەتیە لیستی رەشەوە. ئەویش لەکاتێکدایە کە هێزەکانی روسیا لەبەرەی شەڕی ئۆکرانیادا توانیویەتی هێرشەکانی زلنسکی و سوپاکەی پوچەڵ بکاتەوە و هەولەکانی ئەمریکاو ناتۆ و هەموو ئەو هاوکارییانەی کە تائێستا کردویانە، بۆ گۆرینی بالانسی شەرەکە بەناکامیدا داکێشاوە. لەمەش زیاتر قاچ راکێشانی روسیاو چین لە ئەفریقا بەدوای کودەتاکەی نەیجەرو وەدەرنانی فەرەنسا لەم ولاتەو توندبونەوەی جەنگ لەسودان و لیبیا و بەدوای ئەمەشدا کۆبوونەوەی ئاخری بلۆکی "بریکس"، بەرابەری پۆتین و ئامادەیی زیاتر لەپەنجا ولات بۆ پەیوەستبوون بەم بلۆکەوە، پاشەکشەیەکی تری بەسەر ئەمریکاو هاوپەیمانە ئەورووپیەکانیدا داسەپاندووە، بلۆکێکی ئەمنی و ئابوری وا کە باس لەشکاندنی هەیمەنەی دۆلار بەسەر بازاری جیهانی بکات، هەموو ئەمانەش بەپێویست روداوی کەوتنەخوارەوەی فرۆکەکەی بریگۆژین بۆ ئاستێک لاوەکی دەکاتەوە، کە ئەمریکاو دەولەتانی رۆژئاوا نەتوانن کاردانەوەیەکی جدی بگرنەبەر، جگەلەوەی کە هەلای میدیایی لەدژی بەرێبخەن. بەمجۆرەش ئەنجامی مەنتقی هەر ئەوەیە کە بلێین بۆتین بریگۆژین و هێزەکانی ڤاگنەری تەواوکرد و درەنگ یازوو ئەم هەلا ئیعلامیەش دادەمرکێتەوە. کۆمەلگای جیهانی کاتێک دەتوانێت چارەنوسی خۆی بەدەستەوەبگرێت و کۆتایی بەروداوە تراژیدیەکانی کوشتن و ئاوارەیی و کاولکاری بگرێت، کە دونیا لەپۆتینەکان و بایدنەکان و ماکرۆن و هەموو دارودەستەکانیان پاک بکاتەوە و بۆ هەتاهەتایە دەمی درۆ و ئاوەژوکەرانەی میدیاکانیشیان ببەستی.

٢٤/٨/٢٠٢٣

# ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە ڕێگای پەڕلەمانەوە ئەنجام نادرێت !

## مستەفا باهیر

زیاتر لە ٣٢ ساڵە ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردی و ئیسلامیەکان دەسەلاتدارن لە کوردستان. چەندینجار هەلبژاردنیان ئەنجامداوەو دەموچاوی هەندێ لە پەرلەمانتارەکانیان گۆریوە، بەلام ژیان و گوزەرانی خەلکی کرێکار و هەژاری کوردستان رۆژ لەدوای رۆژ و کابینە لەدوای کابینە لە خراپەوە بۆ خراپتر رۆشتوە. هەربۆیە خەلکی کوردستان هیچ باوەرێکیان نە بەدەسەلات ماوە نە بەهەلبژاردن. هەلبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ ئەو راستیەی دەرخست کە بەشی زۆری خەلکی کوردستان بایکۆتی هەلبژاردنیان کرد.

ئێستاش وا جارێکی تر سەرۆکی هەرێمی کوردستان رۆژی ٢٥ی شوباتی ٢٠٢٤ ی دیارکردوە بۆ ئەنجامدانی هەلبژاردن. بەلام لەکاتێکدا ئەم حزبانە باسی هەلبژاردن دەکەن کە رەوشی سیاسی تەواو جیاوازە لەچاو هەلبژاردنەکانی پێشوودا، چونکە ئەحزابی بۆرژوازی کوردی تووشی کۆمەلێک کێشەو گرفتی گەورە بون. لەوانە کێشەکانی بەینی هەرێم و بەغداد، نەک چارەسەر نەکراوە، بەلکو رۆژ لە دوای رۆژ ئالۆزترو قولتر دەبنەوە. هەروەها دەسەلاتدارانی کوردستان بەتەواوی شکستیان لە بەرێوەبردنی کۆمەلگادا هێناوەو ناتوانن وەلامی سەرەتاییترین خواستەکانی رۆژانەی خەلک بدەنەوە.

بەلام لەگەل ئەو شکستە گەورەیەی کە توشی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد بوە، حزبە دەسەلاتدارو حزبە

ئۆپۆزسیۆنەکان هەریەکەیان بەجۆریک لە جۆرەکان و بە بەڵێنی درۆ دەیانەوێت خەڵکی کوردستان چەواشەکەن و رایانکێشنە سەر سندوقی دەنگدان. حزبە دەسەڵاتدارەکان بێجگە لە بەڵێنی درۆ ، بەپارەی دزراوی خەڵکی کوردستان جۆرەها دیاری دابەشدەکەن بەسەر دەنگدەرەکانیانداو بەڵێنی پلەو پۆستیان پێدەدەن و ئامادەن هاوکاری لەگەل کۆنەپەرسترین هێزدا بکەن بەو مەرجەی کۆمەڵێک دەنگیان بۆ دابین بکەن . حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانیش، بۆ ئەوەی کە شەریک بن لە دەسەڵاتداو لە سەروەت و سامانی دزراوی کوردستان شتیکیان بەرکەوێت، بە جۆرەها شێوە دەیانەوێت خەڵکی هانبدەن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا. لە ساڵی ٢٠١٨ دەیانووت کە ئەم هەڵبژاردنە راستەوخۆ نەتەوە یەکگرتوەکان بەشداری تیادا دەکات. خاتو "هێنیس پلاسخارت " نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراق خۆی سەرپەرشتی پرۆسەکە دەکات و رێگا لە تەزویرکردن دەگرێت.. ئەگەر ئێمە براوەبین ئەوا دەتوانین دەسەڵات لە یەکیتی و پارتی وەرگرینەوە. ئەم پروپاگەندانە بەزۆری لەلایەن نەوەی نوێ بەتایبەتی کەسێکی وەک شاسوار عەبدولواحیدەوە دەکرا. ئێستاش ئاوازەکەی گۆڕیوەو دووبارە دەیەوێت خەڵک چەواشەبکات بەوەی کە ئەم هەڵبژاردنە بێجگە لە نەتەوە یەکگرتوەکان و دەوڵەتانی هاوپەیمانان کە بەشداریەکی کارایان هەیە ، کۆمسیۆنی عێراق راستەوخۆ خۆی سەرپەرشتی ئەم هەڵبژاردنە دەکات و رێگای لە هەمو جۆرە تەزویریک گرتوە. ئەگەر خەڵکی بەشداری بکەن لەهەڵبژاردن ئەوە ئێمە دەبین بەهێزی یەکەم و دەسەڵات لە پارتی و یەکێتی وەردەگرین و ژیان و گوزەرانی خەڵکی زۆر باش دەبێت!

خەڵکی کوردستان ٣٢ ساڵە لەم جۆرە بەڵێنانەیان پێدراوە ، بەهێزترینیان بزوتنەوەی گۆران بوو کە دەیانووت ئێمە ئەگەر بچینە دەسەڵات مووچە بۆ کابانی ماڵ دەبرینەوە، بەڵام کاتێک کە چونە دەسەڵات، نەک موچەیان بۆ کابانی ماڵ نەبریەوە، بەڵکو کەوتنە برینی مووچەی موچە خۆرانیش. بێگومان نەوەی نوێ هیچکات ناتوانێت لە گۆران زیاتر بکات بۆ خەڵکی هەژاری کوردستان. نەوەی نوێ ئەوەی دەتوانیت بیکات هەندێک دەموچاوی تازە دەبەنە پەرلەمان لەباتی بوتڵ هاویشتن، دەستدەکەن بە فیکە لێدان و گرتنی گرتە ڤیدیۆ و هاتوهاواری بێسود، بەرامبەر بەوەش مووچەیەکی خەیاڵی وەردەگرن، پاش چوار ساڵ لەسەر رەنج و شانی خەڵکی کریکارو هەژارانی کوردستان بە مووچەیەکی باش خانەنشین دەبن.

گومان لەوەدانیە کە هەمو لایەک "نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەمریکا و هاوپەیمانان" . زۆر باش دەزانن کە کوردستان بوە بە دوو زۆنەوە هەر زۆنەی لە لایەن هێزێکی ملیشیایەوە بەڕێوە دەچێت. باشیش دەزانن کە هەڵبژاردن لەسایەی هێزی ملیشیادا بێجگە لە خۆڵکردنە چاوی خەڵکی هیچی تر نیە.. خەڵکی کوردستان تەجروبەی چەندینجارەی هەڵبژاردن و تێپەربوونی چەندین خولی پەرلەمانی بەچاوی خۆی بینیوە. ئەوەی بۆ سەلماندوە کە ئەم دەسەڵات و سیستەمەی ئێستا، نەک هەر ناتوانێ لەرێگای دەنگدانەوە کەمترین گۆرانکاری و چاکسازی بەقازانجی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان تێدا بکرێت، تەنانەت ناتوانێ دەسەڵات لە دوو حزبی میلیشیایی و بنەماڵەیی یەکیەتی و پارتیەوە بگوازرێتەوە بۆ ئەحزابێکی تر لەهەمان خێزانی ئەوان. چەندینجار لە زاری سەرانی ئەم حزبانەوە ئەوە دراوە بەگوێی خەڵکی کوردستاندا، یەکێک لەوانە مەلابەختیار کە گوتی ئیمە ئەگەر یەک کورسیش بهێنی دەسەڵات هەر لای ئێمەیە، چونکە هێزمان هەیە! هەروەها مەلابەختیار بۆ جارێکی تر دووبارەی کردەوە و دەڵێت : "هیچ هەڵبژاردنێک نەک لە عێراق و کوردستان بگرە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا بەبێ تەزویر نەکراوە". هەروەها دەڵێت: "ئێمە لەبەرئەوەی کە خاوەنی چەکین دوو کورسیش بێنین دەسەلات هەر لای ئێمەیە". بێجگە لەمانەش پەرلەمانی کوردستان کارتۆنیبوونی خۆی بەسەد شێوە سەلماندووەو دەنگ و رای خەڵکی هیچ ئەرزشێکی نیە ، تابکرێتە پێوانە بۆ گۆرانکاری لەسیستەمی سیاسی ئێستادا. زۆر بەسادەیی دەتوانین بڵێن پەرلەمان تەنها بوکەڵەیەکە بە دەست دەسەڵاتدارانەوە.

لەئێستادا حزبەکانی کوردایەتی بە دەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆنەوە باش دەزانن کە خەڵکی کوردستان بەتەواوی بێزارن لەم دەسەلات و سیستەم و حزبانەو هیچ باوەرێکیان بە هەڵبژاردن و پرۆژەی چاکسازی و دەستاودەستکردنی دەسەلاتی لەرێگای پەرلەمان و هەڵبژاردنەوە نەماوە و کردویانەتە بابەتێکی گاڵتەئامێز. دەزانن کە خەڵکی بەشێوەیەکی تر هەوڵدەدا بۆ رزگاربوون لەم دەسەڵاتە. بۆیە لە ئێستادا ترسی تەواویان لەو بزوتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریە هەیە و دەزانن ئەگەر ئەم بزوتنەوەیە رێکخراو بێت و ئاسۆیەکی سیاسی رادیکاڵ و سۆسیالیستی و رابەریەکی شۆرشگیرانەی بۆ دابین بکرێت، توانای ئەوەی هەیە کۆتایی بە دەسەلاتی ستەمکار و گەندەڵی ئێستا بهێنێت و دەسەڵاتێکی شۆرشگیرانەی پشتبەستوو بە ئیرادەی راستەوخۆی خەڵک لە جێگای دابمەزرێت. لەدۆخێکی ئاوادایە کە مەسەلەی فریودان و راکێشانی هاوڵاتیانی کوردستان بۆسەر سندوقەکانی هەڵبژاردن بۆتە گرفت و گرێیەکی گەورەی بەردەم حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی.

لە کۆتایدا دەمەوێت بڵێم کە تەنها رێگایەک لەبەردەم کرێکاران و هەژارانی کوردستاندا مابێتەوە ئەوەیە کە بەیەکجاری باروبارگەری ئەم دەسەڵاتەو هەڵبژاردنە گاڵتەجاریەکەی بپێچینەوە، ئەویش لەرێگای بەکارهێنانی

# هەمومان" لە دیدو سیاسەتی تاڵەبانیدا

**عوسمانی حاجی مارف**

"هەمومان لە هەرێم یەک چارەنوسی هاوبەشمان هەیە!" بەدوای داگیرکاری دەسەڵات بە هیزی میلیشیایی لە لایەن پارتی و یەکێتی لە ساڵی ١٩٩١وە، کە دەکاتە سی و دو ساڵ، جگە لە "ناتەوافقی و ناشەراکەتی و نا هاوسەنگی" لەم سی و دووساڵەدا کە نمونەی بەرجەستەی دۆخی سیاسی زۆنی زەردو سەوزبوە، هەروەها نمونەی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا بووە، هیچکات دەرگای ئاسۆیەکی گەشیان بەڕوی خەڵکی کوردستاندا نەکردۆتەوە. تازە باقڵ تاڵەبانی دەڵێ "هەمومان یەک چارەنوسی هاوبەشمان هەیە"، بەڵام نە "هەمومان" نە "چارەنوس" نە "هاوبەش" لەم هەرێمەدا مانایەک بە مافی ڕەوای ئینساندۆستی و ئازادی و چارەنوسی هاوبەشی هاووڵاتی نەبەخشیوەو نابەخشێت.

مەبەست لە "هەمومان" ئایا دانیشتوانی کوردستانە؟ یا مەبەستی باقڵ لە حزب و هێزو لایەنەکانە؟ شاراوە نیە و ئاشکرایە باقڵیش ناتوانێ نکوڵی بکات کە دانیشتوانی کوردستان ژمارەیەکی کەمی دیاریکراو ملیاردێردو ملیۆنێرن. کاتی خۆی جەلال تاڵەبانیش شانازی بە زیادبونی ئەو ژمارەیە لە سەرمایەداران دەکرد! بەڵام لەبەرامبەریشدا ژمارەیەکی بەرینیش لە زۆرینەی دایشتوانی کوردستان، کرێکارو زەحمەتکێش و بێکارو نەدارو هەژارن. ئەم دوو جۆرە لە دانیشتوان چۆن لە چوارچێوەی "هەمومان"دا، دەکرێ هاوبەش بن و یەک چارەنوسیان هەبێت؟ هەڵبەتە گومانی تیا نیە کە باقڵ بەهیچ جۆرێک نە مەبەستی دانیشتوانەو نە بیریش لەو ناعەدالەتیە کۆمەڵایەتیەو ئەو قڵشت و جیاوازیە گەورەیەی نێوان ئەو دوو جۆرە لە دانیشتوان دەکاتەوە. لەهەمانکاتدا هیچ گومانی تیا نیە کە خۆی و حزبەکەی وەک پاسەوان و پاریزەری ملیاردێرەکان و ملیۆنێرەکان دەسەڵاتەکەی لە زۆنی سەوزدا بە هێزی میلیشیا بەڕێوەی دەبات.

دەتوانین ڕاشکاوانە بڵێین مەبەستی باقڵ "هەمومان لە هەرێم یەک چارەنوسی هاوبەشمان هەیە" مەبەستی حزبەکان و هێزەکان و لایەنەکانە کە دەسەڵاتدارن یا شەریکن لەدەسەڵاتدا، ئێستا لەبەرامبەر کێشەو چارەنوسێکی نادیاردا، بنبەست و ڕاوەستاون .

دوو هێزی میلیشیا کەهەر لە سەرەتاوە لەسەر بنەمای پێگەو نفوزو هاوسەنگی هێزەکانیان، کوردستانیان کردە دووبەشەوە، بەناوی زۆنی زەردو زۆنی سەوز، هەڵمەتبردن و داگیرکردنی تەواوی سەروەت و سامانەکەیان لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکدا کە سەرگەردانی و نادیاری چارەنوس و ئایندەیەکی نارۆشنیان دامەزراند، سەرگەردانی کرایە دیفاکتۆی دۆخی سیاسی، لەهەمانکاتدا تێوەگلانی کوردستانە لەناو گێژاو و ناجێگیری سیاسی بەردەوامدا بەرجەستە بۆتەوە، دەکرێ بڵێین هەمومان لەو سەرگەردانیەدا هاوبەش کراوین!.

گەر هەروا بەچاوخشاندێک بگەرێینەوە ماوەی سی ودوو ساڵی دەسەڵاتی بنەماڵەی بەرزانی و بنەماڵەی تاڵەبانی. لەکام وێستگادا وەک دووهێز بیریان لە چارەنوسی هاوبەشی نێوان خۆیان کردۆتەوە؟ تەواوی ئەو سی ودوو ساڵە ململانێ و سەوداو مامەڵەو گەمەی سیاسیان هەوڵدان بووە بۆ گۆڕینی بەرزکردنەوەی ئاستی هاوسەنگی هێزەکانیان لە بەرامبەر یەکتردا. هاوکات بۆ هەرلایەکیان هەوڵدانیان بووە بۆ زۆرترین دەستکەوت لەو تالانچێتی و قاچاخچێتی و بازرگانیەی بەسەروەت و سامانی کوردستانەوە کردویانە، هەرئەوەش ناچاریکردن خەسڵەتێکی ناشەفافانە بدەن بە چۆنیەتی داهاتەکانیان. هەروەها هیچ لایەنێکیان ئاگاداری لاکەی تر نەبووە لە دەستکەوتی باج و گومرگ و جەردەیی و بازرگانی لاکەی تر. هەمیشە بەچاوی تەماعەوە لە یەکتریان ڕوانیوە. بەجیا لەوانەش ئەوە لە خەڵکی کوردستان شاراوە نیە کە لە تەواوی مێژوی سیاسی ئەم دوو هێزەدا ئەوە سەلماوە کە ئەم دوو هێزە دژ بەیەکن و هەمیشە لە داستانی شەڕو پاشقول لە یەکترگرتن و خەریکی فروفێڵ بون لە بەرامبەر یەکتردا. واتە ئەو "هەمومان"ە ی باقڵ بانگەوازی بۆ دەکات ئاخۆ لە کوێی دەسەڵاتی زۆنی زەردو و زۆنی سەوز و پەیوەندی نێوان حزبەکانیشدا جێگای بۆ پەیدادەبێت.

پێموایە زۆر پێویست بەوە نەکات ئەوە بسەلمێنین کە هیچ "هاوبەشی" و "چارەنوسێک" لە ئەجندای بەرژەوەندی سیاسی بارزانی و تاڵەبانیدا ⇦

⇨ چەکی کاریگەری خۆمان کە تەنها یەکگرتن و ڕێکخراوبونمانە لەدەوری یەکتر، تا بتوانین بەخەباتی نەپساوەی خۆمان کۆتایی بەم دەسەڵاتە گەندەڵە بێنین و لە شوێنیدا دەسەڵاتێکی جەماوەری وا دامەزرێنین کە بتوانێت ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموان مسۆگەر بکات. کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و هاوکارانیان تەنها لە ڕێگای ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەوە بەدەست دێت نەک لە ڕێگای هەڵبژاردن و پەڕلەمانەوە.

٢١/٨/٢٠٢٣

# خاڵێکی هاوسەنگیی نوێی ئیسلامی لە ئێراندا مومکین نییە!

## مەنسور حیکمەت

سەرنج: لە ژمارەی پێشوودا بەشێکی ئەم باسەی هاوڕێ مەنسور حیکمەتمان بڵاوکردەوە. لێرەدا بەشێکی دیکەی بڵاودەکەینەوەو لە ژمارەکانی داهاتوودا بەشەکانی دیکەی بڵاودەکەینەوە. بۆ ئاسانکردنی شوێن هەڵگرتنی بابەتەکە ، ئەم بەشە ئێستا وەکو بەشی دوەم و ئەوانی دیکەش وەکو بەشی سێهەم و چوارەم و بەوجۆرە بڵاودەکەینەوە.

مەنسور حیکمەت :

من پێموایە خاڵێکی هاوسەنگی نوێی ئیسلامی ناتوانێت بوونی هەبێت، بەپلەی یەکەم بەهۆی کێشەی ئابوورییەوە، کێشەی ئابووری لەچوارچێوەی ئیسلامیدا لە ئێراندا وەڵام نادرێتەوە. بەهۆی ئەوەی ئابووری ئەمڕۆ زۆر جیهانی بووەتەوە، سەرمایەداری لە وڵاتێکدا کە لەسەر بنەمای جێگرەوەی هاوردە و ئابووریی خۆبژێوی دامەزرا بێت، بە جێگایەک ناگات و کەسیش ئەم پلانەی نییە، دەبێت هەموو شتێک بەشێوەیەکی ئاسایی لە چوارچێوەی بازاڕی جیهانیدا ڕێگاچارە بدۆزێتەوە. بزووتنەوەی



ئیسلامی بزووتنەوەیەکی ناوچەییە، ئەم بزووتنەوە ناوچەییە زیندووە و دژە ڕۆژئاوایە. لەئەنجامدا حکومەتێکی ئیسلامی کە ئەویش تەنها لە یەک وڵاتدا کەمێک لەبەردەم ڕۆژئاوادا سەختگیر نەبێ، هێشتا لە رابیتەی گشتی ئیسلامدا نەچوەتەدەرەوە و لە ئەنجامدا لە ململانێی بنەڕەتی جیهانیدا دژ بە سەرمایەداریی ڕۆژئاوا کە دەبێ باوکی گەشەی وڵات بێت، رابوەستێ، هێشتا ئەو وڵاتە لە لیستی قەدەغەکراوەکاندایە. ئەگینا میسر پێش ئێران دەبووە وڵاتێکی پێشەسازی لەکاتێکدا دیپلۆماتکارەکانی واشنتۆن لەوێ دێن و دەڕۆن. بەڵام بۆچی کەس سەرمایەکەی ناباتە ئەوێ؟ یان ئیسرائیل؟ ئیسرائیل کە بە هیچ شێوەیەک ئیسلامی نیە، بەڵام

---

بواری ئەوەی تیابێت هاوبەشیان هەبێت و یەکیان پێبگرێتەوە، چونکە تەواوی واقعیەتی بونیان و چربونەوەی ناکۆکیەکانیان لە سەر شانۆی سیاسی کوردستاندا گەواهی ئەوە ئەدەن، خاوەنی مێژوییەکی وەها تاڵ و پرکارەساتن، بونەتە بەڵایەکی گەورە بەسەر ژیان و گوزەرانی دانیشتوانەوە، بونەتە مایەی نەفرەت و تورەیی و نارەزایەتیەکی بەرفراوانی جەماوەری، تەنها هاوبەشن لە وێرانکردنی ژیان و ئایندەو چارەنوسی زۆرینەی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستاندا.

ئەوە ماوە بڵێین لەکاتێکدا باڤڵ لە مەوقعیەتی بەرژەوەندی هێزەکەیەوە بۆ خۆشی باش دەزانێ، کە هیچ "هاوبەشی و چارەنوسێک" لە گەڵ بارزانیدا کۆی ناکاتەوە، چی ڕویداوە دەڵێت " هەمومان لە هەرێم یەک چارەنوسی هاوبەشمان هەیە"، ئەم ڕستەیەی باڤڵ ئاکامی ئەو دەرگیربون و ئەو بنبەستە سیاسیەیە کە هێزەکەی واتە "یەکێتی نیشتمانی" لە بەرامبەر بارزانی و پارتیدا دوای سی ودوساڵ لە کێشەو ململانێی نێوانیان، بەرەورووی بۆتەوە.

دەتوانین بڵێین یەکێتی نیشتمانی لەم ململانێی درێژماوەیەداو، خەریکە وەک دۆڕاوێک دەکەوێتە بەردەم سوجدەبردن و سکاڵا کردن لە بەرامبەر بارزانی و پارتیدا، تا لە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێکدا بارزانی چاوێکی لە ئایندەی بنەماڵەی تاڵەبانی و یەکێتی بێت، تا بەهەر شێوازو ئاستێک بێت، لە سەر شانۆی سیاسی کوردستان جێگایەکیان هەبێت و چیای سەفین لەبن نەیەت!

ئەوەی شایانی باسە لەم هەلومەرجە سیاسیەی ئێستای ناوچەکەو عێراق و کوردستاندا حاڵی بنەماڵەی بارزانیش گەمەکردن و چاوەڕوانیە لە هەمان بنبەست و چارەنوسی نادیاردا، بۆیە بارزانیش دروشمی "تەوافق و شەراکەت و هاوسەنگی" فرێئەدات، کە پێموایە بۆ خۆشی نادیارە لەو بنبەست و چاوەڕوانیەی دەرگیری بون، ئەم دروشمە لە کام سەوداو مامەڵەدا سودی لێوەردەگرێت!

هەڵبەتە "هەمومان" ڕۆشنە کە بۆ باڤڵ هیچ سودێکی نیە و مامەڵەیەکی سەرکەوتو نابێت، بەڵام کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازو نارازی کوردستان، یەک چارەنوسی هاوبەشمان هەیە لە کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی زۆنی زەردو زۆنی سەوز

★

ناوچەکە بەگشتی بۆ سەرمایە قەدەغەیە، چونکە چارەنووسی نادیارە.

ئەوانەی باس لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەکەن ئەوەیان دێتەوە بیر کە دوو بۆمب درا لە هیرۆشیما و ناگازاکی کە بەتەواوی ژاپۆنگەرایی لەو ناوچەیەدا بەکردەوە نەفیکردەوە. ئەگەر شکستی ژاپۆن لە جەنگی جیهانی دووەم و تەسلیمبوونی ئیمپراتۆر نەبوایە، ئەوا چوونی سەرمایەی ڕۆژاوا بەمجۆرە بۆ ئەو ناوچەیە، بۆ سەنگافور و ڤێتنام و وولاتانی ناسراو بە پڵنگە ئابوریەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا مانای نەدەبوو. لەڕوانگەی ئیمپریالیزمی ژاپۆنییەوە، ناوچەکەی بەناوچەی نفوزی خۆی دەزانی. چارەنووسی سەرمایەی ئەمریکی و ڕۆژئاوایی لەوێ جێگای مشتومڕ بوو، ئایدۆلۆژیایەکیش لەوێ هەبوو کە تەحەدای ڕۆژئاوای دەکرد. ئایدۆلۆژیایەکی تر کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە تەحەدای ڕۆژئاوای دەکرد، کۆمۆنیستەکان و لایەنگری چینییەکان بوون کە ئەویش لە پرۆسەیەکدا لە جەنگی کۆریا بەدواوە، لە هاوسەنگییەکی درێژخایەندا دامەزرا کە ئەمریکا دەیگوت لەسەر پرسی کۆریا یان نفوزی کۆمۆنیستەکان لەناوچەکەدا بۆمبی ئەتۆمی بەکاردەهێنم. ئەو ئەمەی پێ وتن. لەئەنجامدا بۆمبی ئەتۆمی ئەم ناوچەیەی لە دەستی ئیمپریالیزمی ژاپۆنی دەرهێنا. لەگۆشەی مەترسی ئیمپریالیزمی ژاپۆنەوە دەورەیەکی مێژوویی تێپەڕیوە، زۆر هێزیان تێکشکاندووە، هیچ ئایدۆلۆژیایەکی بەرەنگاری لەوێدا لەئارادانییە، بۆرژوازی ناوخۆیی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەژێر ئاڵای بوزایی یان ئاڵای غەیرە بوزاییدا لەئاستی جیهانیدا ئیدیاعەیەکی نیە. خەریکە لەپەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا کاردەکات، لایەنگری ڕۆژئاوایە و ئەمەش جێگیربووە. لەئاکامدا ئابوورییەکەشی بووەتە جێی سەرنجی سەرمایەی ڕۆژئاوایی. هەرکاتێک ئەم دۆخە گۆڕا، سەرمایەی ڕۆژئاوا دووبارە پێداچوونەوە دەکات. وادابنێن چین قورساییەکی بەهێز پەیدا بکات کە ڕەنگە ئەم وڵاتانە بکاتە پارووەیک بۆخۆی، ئەوکاتە سەرمایەداری ڕۆژاوایی بەگومانەوە سەیری ئەو ناوچەیە دەکات وەک ناوچەی نفوزی خۆی.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنێک نییە ڕۆژئاوا وەبەرهێنانی تێدا بکات. وەبەرهێنان ساردەمەنی فرۆشی نییە، دەبێت ژێرخانی ئابووری بنیات بنێت، دەبێت پیشەسازییەک دەستپێبکات کەتازە دوای شەش ساڵ دەست بە بەرهەمهێنان بکات و دوای پانزە ساڵی تریش قازانج بکات. لەئەنجامدا ئەو سەرمایەدارییەی کە دەیەوێت بچێتە ئێران، میسر، ئیسرائیل، سعودیە و ئوردن، دەبێ حسابی ئەوە بکات لانی کەم تا بیست ساڵی دیکە دەسەڵاتە سیاسیەکانی ئەو وولاتانە وەکو خۆیان دەمێننەوە. تا پرسی عەرەب و ئیسرائیل و مەسەلەی ئیسلام و ڕۆژئاوا کراوە بێت، و تائێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆمب و هیرۆشیمایەکی نەدیبێت، بزووتنەوە ئیسلامییەکەی لەلایەن زلهێزەکانی ڕۆژئاواوە شکستی پێنەهاتبێت، بەبڕوای من ئەوەی کە ئابووری ئێران لە سیستەمی سەرمایەداریدا گەشە بکات، مەحاڵە. تەنانەت لەژێر سایەی ڕژێمی سەڵتەنەتخوازەکانیشدا، هەمیشە وتوومە لە باشترین حاڵەتدا وەک تورکیا دەبێت. ئابووری ئێران بەئاقاری تورکیادا دەڕوات نەک تایوان یان هۆنگ کۆنگ. بەئاقاری تورکیا دەڕوات چونکە پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی-سیاسی ئەم وڵاتە، مێژووەکەی یاخود داهاتووی چاوەڕوانکراوی لە ناوچەکەدا هەر ئەوەندە ڕێگا دەدات. ڕۆژئاوا بچێت وڵاتێکی پیشەسازی زەبەلاح بنیات بنێت، کە بتوانێت تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو دروست بکات، دواتر دیسانەوە بزووتنەوەیەکی گەورەی دژە ڕۆژئاوایی دەستی بەسەردا بگرێت؟ دەگوترا سوپای ڤێتنام دوای کشانەوەی ئەمریکا بووەتە یەکێک لە سوپا گەورەکانی جیهان؛ بەهۆی ئەو تۆپ و تانکانەی کە ئەمریکییەکان لە ڤێتنامی باشوور بەجێیان هێشتبوو. ئێستا بێت و ئەم کارە بکاتەوە، ئابوورییەک بنیات بنێت، دوای دووڕۆژ بیداتە دەستی بزووتنەوەیەکی ئیسلامی، پاشان بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی، پاشان ئەوانی دیکە کە ڕەنگە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا بێنە ئەم هەرێمەوە.

سەرەنجام بەبڕوای من لایەنی ئابوریی مەسەلەکە، بەتایبەت لە چوارچێوەی ئیسلام و ئیسلامیزمدا وەڵامدەرەوە نیە. ئیسلام چارەسەری تاک وڵاتی پێنییە، بەبڕوای من "سەرمایەداری لە یەک وڵاتدا" بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی مومکین نییە. پێویستە چارەنوسی ئەم بزووتنەوە ئیسلامییە لەناوچەکەدا یەکلابێتەوە بۆئەوەی تازەبەتازە بگاتە خاڵێک وەکو بولگاریا، ئەگەر بتوانرێت. لەئێستادا تورکیایان لەودیو دیواری بازاڕی هاوبەشی ئەوروپاوە ڕاگرتوە، کە زۆر فاشیستتر نییە لەو کاتەی پورتوگال و ئیسپانیا دیکتاتۆری بوون، دواجار ئەوە ئیدارە دەکرێت، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ یۆناندا نییە، کە چەند ماوەیەک لەمەوبەر حکومەتی سەرهەنگەکانیان روخاند. تورکیا لەپشت دیواری ئەوروپاوە ڕاگیراوە، چونکە تائێستاش دڵنیانین لە ئایندەی، بە ئەوروپی نازانن. ترسی ئەوەی کە ئیسلام و ئیسلامیزم کە زیندووە، بخزێتەناو پێکهاتەی حوکمڕانی ئابووری-سیاسی کۆمەڵگا دیموکراسیەکانی ڕۆژئاواوە، لەشوێنی خۆیدایە. هەروەها باسی تیۆرییە بنەڕەتییەکان لەئارادایە، بەشی زۆری نیگەرانییەکە، بۆنموونە لە باسکردنی شەڕی شارستانییەکاندایە. بەشێک لەدەستەی دەسەڵاتداری ئەمریکا پێیانوایە ئەم شەڕەی شارستانیەتەکان خەریکە ڕوودەدات و هەیە. هەروەها باڵی میانڕەویش نیگەرانییەکی بنەڕەتی هەیە لەم بابەتەدا.

**درێژەی هەیە....**